# فەتحوڵڵا عیززەت، هەسارەیەکی گەشی ئاسمانی شارەکەی باوەگوڕگوڕ

## ئەمجەد شاکەلی

پاییزی 1973، یەکساڵە سەربازییەکەمم لە کەرکووک تەواوکرد و دوارۆژەکانی ئەو ساڵەیش، لە کارگێڕیی ئاماری کەرکووک، دەستم بە کار کرد. لەو ماوەیەدا، بە هۆی خزمێکمەوە(کاک شێخ مەحموودی حاجی شێخ موحەممەد)، تێکەڵاوی و دۆستایەتی و هاوڕێیەتییەکی گەلێک باشم، لەگەڵ کۆمەڵێک تورکمانی شیعەدا، پەیداکرد. ئەوان خەڵکانێک بوون سەر بە چین و توێژاڵ و کار و پیشە و بیروباوەڕ و ئاستی فەرهەنگی و خوێندەواریی، گەلێک جیاواز لە یەکدی. بەشێک لەو دۆست و هاوڕێیانە خەڵکانێکی چەپ بوون. یەکێک لەو هاوڕێیانە، پارێزەرێکی فرەناسراوی کەرکووک بوو بە ناوی(حەسەن قەرەوەلی). شوێنکاری پارێزەرییەکەی قەرەوەلی، لە تەلاری(ئەوقاف)ی تەنیشت چایخانەی نەسر( نصر)ی سەر شەقامی(جەمهووری) بوو. گەلێک ئێواران دەچوومە سەردانی قەرەوەلی و لەوێ دادەنیشتم و ئیدی قسەوباس و دەردەدڵییەکی زۆرمان دەگۆڕییەوە. قەرەوەلی، ئامێرێکی (ساز)ی لە قوژبنێکی ژوورەکەیدا شاردبووە و کە میوان و کەسی دیکەی لا نەبووایە و هەر هەردووکمان بووایەین، لەگەڵ گەرمی قسەوباس و دەمەتەقییەکانماندا، سازەکەی دەردەهێنا و دەستی دەکرد بە سازلێدان و کۆمەڵێک ئاوازی خۆشی تورکمانی و تورکیی لێدەدا و بە دەمیشییەوە، بۆ خۆی سترانێک دووانی لەگەڵدا دەگوت و دانیشتنەکەمانی هێندەی دی خۆشتر دەکرد.

لە سەر لادیواری تەلارەکەی، کە جێکارەکەی قەرەوەلی لێبوو و نزیک بەو تابلۆیەی، کە بە عەرەبی لە سەری نووسرابوو(المحامي حسن قرولي)واتە: پارێزەر حەسەن قەرەوەلی، تابلۆی پارێزەرێکی دیکە هەڵواسرابوو و لە سەری نووسرابوو(المحامي فتح الله عزت) واتە: پارێزەر فەتحوڵڵا عیززەت. من دەمزانی فەتحوڵڵا عیززەت، پارێزەرێکی لاو و چالاک و کۆمۆنیست بووە و لەم و لەویشەوە بیستبووم، کە لە لایەن حوکوومەتەوە گیراوە و سەرنگوم کراوە و نەماوە. جارێکی پرسیاری فەتحوڵڵاعیززەت و چۆنیەتی گرتنەکەییم لە قەرەوەلی کرد، قەرەوەلی جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە فەتحوڵڵا عیززەت، کۆمۆنیست بووە و پیاوێکی گەلێک دڵسۆز و کارا و ساکار و ئازا و ڕاستگۆ و وەتەنگخەڵکەوەهاتوو بووە و باسی ئەوەیشی کرد، کە کاتێک لەلایەن پیاوانی حوکوومەتی بەعسەوە

گیراوە، بە دەنگی بەرز هاواری کردووە، کە پیاوانی ئاساییش(أمن) گرتوویانە و ناوی خۆی گوتووە، تەنیا بۆ ئەوەی ماڵ و کەسی خۆی و دۆستانی و هاوڕێیانی و هەموو خەڵک بزانن، کە حوکوومەت گرتوویەتی. لە بارەی (عیززەت)ەوە، قەرەوەلی، تەنێ ئەوەی بۆ من گێڕایەوە، بەڵام کە دەیگێڕایەوە داخی بۆ دەخوارد و بە خەمەوە باسی دەکرد.

هەر لە دوای کەرتبوونی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، لە 17-9-1967دا بۆ دوو لەتی، کۆمیتەی نێوەندی(لێژنەی مەرکەزی/ اللجنةالمرکزیة) و سەرکردەیەتیی نێوەندی (قیادەی مەرکەزی/ القیادةالمرکزیة) یا باڵی ئاشتیخواز(سلمي) و باڵی شۆڕشگێڕ(ثوري) یا باڵی لادەر(تحریفي) و باڵی ڕەسەن / شۆڕشگێڕ(الأصلي/الثوري)، بەشی زۆری ڕێکخستنەکانی حیزبی کۆمۆنیست، لە عیراقدا و بە تایبەت لە کوردستاندا، وەتەک سەرکردەیەتیی نێوەندی (قیادەی مەرکەزی) کەوتن. حیزبی کۆمیتەی نێوەندی، هەرچەندە پێیەکیان لە نێو بزاڤی چەکداریی کوردستان و سەرکردەیەتیی (بارزانی)دا بوو، لێ پێیەکەی دیکەیان لە نێو حوکوومەتی عیراقدا بوو و هەر لەو دەمییەوە و لە پێشتریشەوە، لە سەردەمی عەبدوسسەلام عارفەوە لە ساڵی 1964ەوە، پێوەندیان لەگەڵ بەغدادا هەبوو، چونکە کەسێکی وەک موکەڕڕەم تاڵەبانی، کە بە ناوی ئەو حیزبەوە لە حوکوومەتی بەغدادا وەزیر بوو، بە درێژایی ئەو ساڵانەی پێش پێکهاتنی 11ی مارسی 1970یش هەر لە بەغدا بوو و هەر ئەندامی حوکوومەت بوو. حیزبی کۆمیتەی نێوەندی چ کێشە و گیروگرفتێکیان لەگەڵ هیچ یەک لە حوکوومەتەکانی عەبدوڕڕەحمان عارف(تا 1968) و بەعسیشدا لە 1968ەوە تا 1978 نەبوو. حیزبێکی دیکە، کە ئەودەمی لە خزمەتی حوکوومەتەکانی عەبدوڕڕەحمان عارف(تا 1968) و بەعسیشدا لە 1968ەوە تا 1970 بوو، حیزبی جەلالی بوو.

باڵەکەی دیکەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، حیزبی سەرکردەیەتی نێوەندی(قیادەی مەرکەزی)، هەر لە سەردەمی دروستبوونییەوە، دژ بە هەموو حوکوومەت و دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوای عیراق بوو. حیزبێک بوو، بڕوای بە گۆڕینی شۆڕشگێڕانە هەبوو و جاڕی خەباتی چەکداری و ڕووخاندنی دەسەڵاتی دابوو، هەربۆیە هەمیشە، لە لایەن سیخوڕان و ئاساییشان و پۆلیس و لەشکری حوکوومەتەکانی عارفی دووەم و بەعسەوە، وەبەر شاڵاوی کوشتن و بڕین و گرتن و زیندانی و هەڵواسین دەکەوت. دیارە هەردوو حیزبی کۆمیتەی نێوەندی و جەلالی، لە هێرشکردنە سەر حیزبی سەرکردەیەتی نێوەندی و کۆمەک بە حوکوومەتی بەعس و هێزەکانی، لەو سەردەمەدا، نۆرەی خۆیان دەبینی.

دوای پێکهاتنی 11ی مارسی 1970یش، سەرکردەیەتی بارزانی و پارتیی، لە فەرمانڕەوایی عیراقدا، بوون بە هاوبەشی بەعس. پارتیی تەواوی باشووری کوردستانی بە کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و هەموو گەرمێنەوە، لەبندەستدا بوو و بەعسیش عەرەبستانی عیراقی لەبندەستدا بوو. پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی هەرچەندە داڵدەی حیزبی (سەرکردەیەتیی نێوەندی) یان دابوو و کادر و چەکدارەکانیان لە دەڤەرە چیاییەکان و هەندێ دەڤەری گەرمێنی بندەستی (پارتی)دا بوون، بەڵام لە تەنگانە و لێقەومانیاندا، لەگەڵ حوکوومەتی بەعسدا، پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی هێندە سەری خۆیان پێیانەوە نەدەئێشاند و وەتەنگیانەوە نەدەهاتن و تا ڕادەیەکیش خۆیان بە خاوەنیان نەدەکرد. لەبەر ئەوە، هەر لە دەسپێکی ڕاپەڕینەکانی حیزبی (سەرکردەیەتی نێوەندی)، لە ساڵی

1967ەوە، لە زۆنگاوەکانی خواروی عیراق، تا ساڵانی دواساتەکانی هەبوونی ئەو حیزبە، هەمیشە هەڕەشەی هێزەکانی حوکوومەتی بەعسی لە سەر بووە و هەردەم وەبەر شاڵاوی گرتن و لەنێوبردن و قڕکردن کەوتووە.

هەرچەندە حیزبی (سەرکردەیەتیی نێوەندی)، لە مێژووی دوازدە سێزدە ساڵی خۆیدا، تووشی چەندین گورزی کوشندە هات و وەبەر هەموو جۆرە هێرش و پەلامارێکی دوژمنانی کەوت، لێ لەگەل ئەوەشدا توانیی خۆی بپارێزێت و خۆی ڕێکبخاتەوە و درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بدات. یەکەم گورزێک، کە لەو حیزبە درا و لە لوتکەی ڕێکخستنەکانییەوە تا خوارێ پێوەی تلایەوە و حیزبەکەی تا ڕادەی لەنێوبردن برد، دەستگیرکردن و خۆبەدەستەوەدانی عەزیز ئەلحاج(عزیزالحاج)ی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە بوو، لە لایەن و بە دەسەڵاتی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا و پاکانە و ددانپێدانانەکانی وی بوو لە سەر تەواوی سەرکردیەتیی حیزبەکە و سەدان هەڵسووڕێنەر و کادری پێشکەوتووی ئەو حیزبە و گرتن و لەنێوبردنی چەندین لەوانە. پاش ئەو هەرەسە، خۆبەدەستەوەدانی موسلیح موستەفا ئەلجەلالی(مصلح مصطفى الجلالي) بە سەردا هات و دوای ئەوەش لەگەڵ هەرەسی 1975ی بزاڤی چەکداریی کورددا لە باشووری کوردستان، حیزبی (سەرکردەیەتیی نێوەندی)یش جارێکی دیکە هەرەسی هێنایەوە و بەشێک لە سەرانی(ئیبراهیم عەللاوی و...) ڕوویان کردە هەندەران و بەشێکیشیان(فاروقی مەلا موستەفا و...) گەڕانەوە لای حوکوومەتی بەعسی بەغدا. دوای ئەوەش سەرلەنوێ حیزبی (سەرکردەیەتیی نێوەندی) خۆی دروستکردەوە و ڕابوو و کەوتەوە چالاکی. حیزبی (سەرکردەیەتیی نێوەندی)، هەر لەدوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە زونگاوەکانی خواروی عیراق بە ڕێبەری و دەستپێشخەری خالید ئەحمەد زەکی(ظافر) و شەهیدبوونی ئەو، لە کوردستانیش دەستیکرد بە کردنەوەی بنکە و مەکۆی شانەی چەکدار و پێشمەرگە و خەباتی چەکداریی. لە (ناوکێلەکان)ی نێزیکی چۆمان و (مۆرخواردە)ی شوانی دەڤەری کەرکووک و (خەرکنێ)ی خانەقین و نێزیکی کەژی بەمۆ و ...چەندین شوێنی دیکە، لەو بنکانەی هەبوون و لە نێو باژێڕەکانیشدا هەموو جۆرە چالاکییەکی دەنواند و ئەنجام دەدا و زۆرجارانیش ئەندامانی تووشی گرتن و سەرنگومکردن دەهاتن.

لە سەردەمی چوارساڵە هەنگوینییەکەی نێوان پارتی و حوکوومەتی بەعسدا، یەکێک لەو قارەمانانەی وەبەر شاڵاوی گرتنی بەعس کەوت و سەری لە پێناوی بڕوا و خاک و وڵات و کوردستان و هەژاران و سۆسیالیزم و نەهێشتنی چەوساوەندنەوە و یەکسانی و کەرکووکدا بەخشی، (فەتحوڵڵا عیززەت) بوو.

فەتحوڵڵای عیززەت ئاغای مەجید ئاغا ساڵی 1936 لە گەڕەکی (زێوێ)ی ئیمام قاسم لە باژێڕی کەرکووک، لە خێزانێکی کورد لە دایک بووە. هەندێک خەڵک پێیانوایە خێزانەکەیان بە بنەچە لە (زێوە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووەتە کەرکووک.



فەتحوڵڵا عیززەت، ساڵی 1968

عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف دەڵێ:"لە گەڕەکی زێویە دراوسێی ماڵی سعید زەردکی و عزت ئاغا و رفیق عالی ئەفەندی بوین"[1]، ئەو عیززەت ئاغایەی شەریف باسی دەکات باوکی فەتحوڵڵا بووە.
فەتحوڵڵا عیززەت، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ئیمام قاسم و دواناوەندیی لە ئامادەیی نێوەندی(الإعدادية المركزية) ی کەرکووک تەواو کردووە. عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف لەمەڕ خوێندنی خۆی و بە پێوەند لەگەڵ فەتحوڵڵا عیززەتدا دەڵێ "لە ساڵی 1949- 1950 لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، لە گەڕەکی ئیمام قاسمەوە بەیانیان بە پێ دەچوینە قوتابخانەکەمان لە گەڕەکی جوولەکان... لە پۆلی دووەم و سێ یەمی ناوەندی من و فتح الله عزت ئاغا و صبحی شریف و حسن محمد علی ڕۆژانە پێکەوە دەچوینە قوتابخانە.."[2].
ساڵی 1956، کاتێک پەیماننامەی "پۆرت سەعید" واتە "بەندەری سەعید" یا کورد گوتەنی "پۆڕسەعید" و عەرەب گوتەنی"بور سعيد"، مۆر کرا و هێرشی سێقۆڵی کرایە سەر مسر، خەڵک دژی ئەو کردارە خۆپێشاندانیان کردووە. لە کوردستانیشدا جووڵانەوەی لەو جۆرە و دژ بەو کردارە هەبوو.
فەتحوڵڵا عیززەت یەکێک بووە لەوانەی وەبەر شاڵاوی گرتن کەوتووە و چەند ڕۆژێک لەگەڵ شێخ مارف و شێخ حوسەین بەرزنجی و عەبدوسسەمەد خانەقا، هاوزیندان بووە. ساڵی 1957یش، کە شا فەیسەڵ بە کەرکووکدا چووە بۆ سلێمانی و خەڵک خۆپێشاندانیان دژی کردووە، دیسان فەتحوڵڵا عیززەت گیراوە.

---

[1] شریف، د. عبدالستار تاهر، ململانێ لەگەڵ ژیاندا(یاداشت) 1971-- 1935، بەرگی یەکەم/چاپی یەکەم، کەرکوك 2005،چاپخانە: ئارابخا-کەرکوك ، ل 14-15 .
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل32.

فەتحوڵڵا عیززەت، ساڵی 1961/1960 دەستی بە خوێندنی قانوون کردووە لە کۆلیژی (قانوون)[3] لە زانستگەی بەغدا. ساڵی 1963 کاتێک خوێندکاری ساڵی سێیەمی قانوون دەبێت، لە لایەن حوکوومەتەوە دەگیرێت و تا ساڵی 1966 لە زیندانەکانی باقوبە(بعقوبة) و نوگرەتوسسەلمان(نقرةالسلمان)، زیندانیی دەکرێت.



زیندانی نوگرەتوسسەلمان، ساڵی 1965، فەتحوڵڵا عیززەت، لە ڕیزی دووەمی دانیشتووان دووەم لە چەپەوە



فەتحوڵڵا عیززەت، ڕاوەستاوی یەکەم لە چەپەوە

1966، کە لە زیندان ئازاد دەکرێت، فەتحوڵڵا عیززەت، دەستدەکاتەوە بە خوێندن و لە 1968دا کۆلیژی قانوون تەواو دەکات و دەبێتە پارێزەر و بۆ کارکردن دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، بەڵام لەبەر ناجۆریی ڕەوشی کەرکووک، دەچێتەوە بەغدا و تا ساڵی 1969 دەمێنێتەوە و ئەودەم دەگەڕێتەوە کەرکووک و دەستدەکات بە کاری پارێزەری.

[3] ئەودەمە پێیان دەگوت کۆلیژی حوقووق(كلية الحقوق).



فەتحوڵڵا عیززەت، دووەم لە ڕاستەوە، بە جلی کاری میللی(العمل الشعبي)یەوە، کە ئەودەم دەرچووانی زانستگە و ئامادەییەکان دەبوو بیکەن

دەگێڕنەوە، کە لەو ماوەیەدا کاتێک عیززەت لە دوا ساڵی خوێندنیدا بووە لە زانستگەی بەغدا، سەددام حوسەین، کە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕێبەریەتیی شۆڕش(مجلس قيادة الثورة) دەبێ، وەک خوێندکارێکی قانوون جاروبار هاتوچۆی کۆلیژی قانوونی دەکات، جارێکیان دەنگەدەنگێک دەکەوێتە نێوانیانەوە(واتە: نێوان فەتحوڵڵا عیززەت و سەددام حوسەین) و سەددامیش بە مشتووی دەمانچەکەی لە نێو دەمی عیززەت دەدات و ددانەکانی پێشەوەی دەشکێنێت.



فەتحوڵڵا عیززەت، 1968، جەژنی قوربان، قەڵای هەولێر

ساڵی 1971 فەتحوڵڵا عیززەت زەماوەندی کردووە و ژیانی هاوسەریەتیی پێکهێناوە. لە 26-10-1972دا، کاتێک (گوڵستان)ی کچی چوار مانگان دەبێ و ماڵی باوکی لە ژێر چاودێریدا دەبن، لە لایەن ئاساییشی بەعسەوە دەگیرێ. ئەو ڕۆژە سەعات 9ی بەیانی لە دادگا دەبێت، لە خانەی دادی کەرکووک. کە کارەکەی تەواو دەبێت، هەر لە نێو خانەی داددا دوو پیاوی نەناسراوی لێ پەیدا دەبن

و پێی دەڵێن، کە کاریان پێیەتی. کابراکان ئۆتۆمبیلێکی (پەژۆ)ی سپییان پێ دەبێت. عیززەت هەست دەکات، کە ئەو پیاوانە جێگەی گومانن و دەسبەجێ خانەی داد جێدەهێڵێ و هەڕادەکات و خۆی دەگەیەنێتە شەقامی ئەتڵەس، لەوێ دوکانی باقلاوە و شیرینیفرۆشێکی هاوسێیەکی خۆیانی لێ دەبێ، کە دەگاتە ئەوێ دووجاران هاوار دەکات و دەڵێت:"من (فەتحوڵڵا عیززەت زێوەلی)م، ئەوا ئەمن ئەیانەوێ بمگرن"، هەر لەو کاتەدا دوو ئاسایشەکە و دوو ئینزیباتی عەسکەری دەیگرن و پاڵی پێوە دەنێن بۆ نێو ئۆتۆمبیلەکە. پاشان هاوسێیەکەیان(خاوەن دوکانەکە) هەواڵی گرتنی فەتحوڵڵا بە عیززەتی باوکی دەگەیەنێت.



فەتحوڵڵا عیززەت، 1971، چەند مانگێک دوای زەماوەندکردنی.

عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف دەڵی:"فتح اللە عزت کۆلیجی یاسای تەواو کردو لە ساڵانی شەستەکان نازم گزار گرتی و لە ناوی دا. فتح اللە کادرێکی پێشکەوتووی حزبی شیوعی عیراق بوو، هەر لەسەر ئەوە نازم گزار لە ناوی دا.."[4]

عیززەت کادرێکی چالاکی حیزبەکەی بووە و تا کاتی گیرانیشی، چالاکانە کاری کردووە و ئەندامی کۆمیتەی کەرکووک و بەرپرسی دەڤەری شوانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق(سەرکردیەتیی نێوەندیی) بووە.

ساڵی 1973 عیززەت لە زیندانی بەدناوی قەسرونیهایە(قصرالنهاية) دەبێ، موکەڕڕەم تاڵەبانی دەچێتە سەردانی و هەندێ گۆڤاری بۆ دەبات. موکەڕڕەم تاڵەبانی بۆ خۆی و ئەودەمی، ئەو هەواڵەی بە خوشکی ژنەکەی عیززەت داوە و گوتوویشیەتی، کە داوای لە عیززەت کردووە ئەگەر دەیەوێت

[4] شەریف.،. ململانێ.،. بەرگی یەکەم، ل 32. عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف، پێیوایە فەتحوڵڵا عیززەت لە ساڵانی شەستەکاندا گیراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو لە ساڵی 1972دا گیراوە.

بەربدرێ و ئازاد بکرێت گەرەکە واز لە حیزبەکەی بهێنێت. دیارە موکەڕڕەم تاڵەبانی هەم وەک نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی عیراق(کۆمیتەی نێوەندی) و هەم وەک نوێنەری حوکومەتی بەعس، ئەو داوایەی لە عیززەت کردووە و عیززەتیش بەو داوایە قایل نەبووە.

فەتحوڵڵاعیززەت وەک خەباتکار و شۆڕشگێڕێکی جەربەزە و ئازا و بوێر و بڕوابەخۆبوو، هیچ بەڵێنێکی دەسەڵات و جلخوارانی دەسەڵات، ساردی نەکردووەتەوە و خۆڕاگرانە لە سەر بیروباوەڕەکەی خۆی بەردەوام بووە و تەمەنی 36 ساڵەی لاویەتیی خۆی و سەر و گیانی پاکی خۆی بە ئازادی و وڵات بەخشی.

فەتحوڵڵا عیززەت، یەکێکە لەو شەهیدە لەبیرکراوانەی، لەبەر ئەوەی سەر بە دەسەڵات، پارتیی،حیزبی جەلالی ئەودەم (یەکیەتیی ئەمڕۆ) و کۆمۆنیستەکانی کۆمیتەی نێوەندی یا حیزبێکی دیکەی ئەم سەردەمەی کوردستان نەبووە، هیچ کەس باسی ناکات و ناوی ناهێنێت. کەم نین ئەوانەی، وەک فەتحوڵڵاعیززەت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چرایەک بوون و تاریکستانی ئەو وڵاتەی لەمەڕ خۆمانیان، کە هەنووکەش نوقمی تاریکییە، ڕۆشن دەکردەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و زۆرداری و چەوساندنەوە و دەسەڵاتدا پێشەنگێک بوون. ئەوان بۆ ڕووناکی و ئازادی گیانیان بەخشی. دەسەڵات و ملکەچان و کاسەلیسانی دەسەڵاتیش بۆ هەڵواسینی ئازادی و کوژاندنەوەی هەموو تروسکەیەک، ناوی فەتحوڵڵا عیززەت و ئەوانەی وەک ئەو ناهێنن. ئەوان بە ناوهێنانی قارەمانێکی وەک فەتحوڵڵا عیززەت هەترەشیان دەچێت و زیرە دەکەن.
فەتحوڵڵا عیززەت، کە هەمیشە دژە دەسەڵات دەجەنگا، ناوی لە بیرگەی تەواوی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش خەڵکی شارەکەی باوەگوڕگوڕدا، هەر دەمێنێ و گیانی پاکیشی وەک ئاگرێکی زیندوو هەمیشە ڕۆشنایی دەبەخشێ.



فەتحوڵڵا عیززەت، ساڵی 1955

* بەشێکی زۆری زانیارییەکانم لە بارەی فەتحوڵڵا عیززەتەوە و تەواوی وێنەکانی ئەوم لە ڕێگەی هاوڕێم کاک "عوسمان فەرەج"، نیشتەجێی لەندەن وەرگرتوون، کە لە سەردانێکیدا بۆ کەرکووک بە

ماندوبوونێکی زۆرەوە وەدەستی خستبوون. هاوینی 2008 یش بۆ خۆم سەردانی مامۆستا "بورهان عەبدورڕەحمان"م کرد لە عاشوور و گەڕەکی ئیمام قاسمی کەرکووک و لەویشەوە هەندێک زانیاریم لە بارەی شەهید فەتحوڵڵا عیززەتەوە دەستکەوت.

2008/9/17